# غەزەلێک بۆ درەخت

سیاوەش کەسرایی

لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)

تۆ بەژنی بەرزی ئاواتی ئەی درەخت
بەردەوام ئاسمان لە باوەشتا خەوتووە
تۆ باڵا بەرزی ئەی درەخت
دەستت پڕە لە ئەستێرە و گیانت لێوڕێژە لەبەهار
تۆ شۆخ و شەنگی ئەی درەخت!
کاتێ با هێلانە دەکا
لەنێو لق و پۆپی تۆدا
کاتێ کە با
قژی سەوزت شانە دەکا

کاتێ سازی نەرمی بارانە لێدەدرێ
لەبەزمی سارد و سرپیدا
تۆ سترانبێژێکی خەمبار و دەنگخۆشی ئەی درەخت!
لەژێر پێتا
ئێستا شەوە و ئەو شەو گەستووانەی چاویان
هێشتا بەیانی نەدیوە
تۆ لەکوێ بۆ ڕۆژ و هەتاو
پڕ بە چاوت
لەدەشتی ڕازاوە دەڕوانی ئەی درەخت!

تۆ بە هەزار دەمار خۆتت
لە گیانی خاک گرێ داوە
لە هەورە گرمە مەترسە
باکت لە برووسکەش نەبێ تۆ خۆڕاگری ئەی درەخت!
سەرهەڵێنە
سەربەرز بە ئەی وەکو هیوا سرک و سڵ
لەگەڵ ئێمەی ئەی تاقانەی
هەمیشەتەنیا ئەی درەخت.



## لەم شەوگارەدا

شەفیعی کەدکەنی

لەم شەوگارەدا
کە گوڵ لەگەڵا و گەڵا لە سروە و سروەش لە هەوری
ئاسمان دەترسێ.
لەم شەوگارەدا
کە ئاوێنەکان لەگەڵ وێنەکەی خۆیان غەوارەن
کانیاوەکانیش سروود و ڕازی خۆ دەشارنەوە
ئاوا وشیار و دەریا ئاسایی
بە تەنیا هەر تۆی گۆرانی دەچڕی.

بە تەنیا هەر تۆی کەوا دەستری
سروودی خوێنی پامال کراوی شەهیدەکان و مەرگ و
قەڵاچۆ.
بە تەنیا هەر تۆی کەوا تێدەگەی
زمان و ڕازی ئاوازی سازی هیوا بڕاوان.

لەسەر ترۆپکی ئەو دارە بەرزە
هۆنراوەبێژی باخی بێ گەڵای!
لەوێ بمێنە تاکو ببیستن سۆزی ئاوازت
ئەو درەختانەی لەگەڵ لاوێن و چرۆدا خەوتوون.
لەوێ بمێنە با ئەو دەشتانەی روونی ئاوێنەن،
گوڵی دەم ڕووبار
تەواوی ڕق و بێزاری خۆیان لەدەست سەردەمی تاڵان و
بڕۆ
پاکی ببیستن لە ئاوازی تۆ.

تۆی خەمبارترین سروودی ژان و شایەری سەردەم
تۆ باراناویترین هەورێکی کە دەگری بەکوڵ
لەسەر باخاتی زەردەشت و مەزدەک
تۆ تووڕەترین ڕقی هەڵدەقوڵێی
لە کووپە و جامی فرمێسکی خەیام.

لەم شەوگارەدا
کە گوڵ لەگەڵاو
گەڵا لە سروە و
سروە لە هەور و
هەوری ئاسمانیش لەخۆی دەترسێ
کانیاوەکانیش سروود و ڕازی خۆ دەشارنەوە
لەم ڕۆژگارە بلقەتاقە*دا
ئاوا وشیار و دەریا ئاسایی
بە تەنیا هەر تۆی گۆرانی دەچڕی.

## شۆخ و شەنک

محەمەد عەلی سپانلوو

زەمان سترانی هێمنایەتییە و
بارانەش لیزگە مرواری هەڵدەواسێ
بە بسکی زێڕینی خاتوونی پایزدا
دانیشتووە خاتوون لەبەر دەرگانەی هاوینی سوورا
کەوانەی زیوینی مانگیش
تا هەتایە وەکو گوارە ئاوێزانە
بە پەلکی نەرمی گوێیەوە
تۆ وەکو ئاو بێگەردیت و وەکو بای شەماڵیش بەرزی
تۆ وەک بڵێسە بەتینی.
لەرەی نیانی شنەبای
وێنەی بزەی
وەکو بیرەوەری زەوی
بەربڵاویت و خەواڵوو
پەردەت بەسەر پێدەشتەکاندا کێشاوە...
هەوا چاوی چاوەڕوانی
لە ڕێگەی بۆنی گزنگی بەرەبەیانی بڕیوە
بۆ میوانییەکی نزیک دەچین، هەستە،
بووکی شۆخ و شەنگی من، بووکی مێژوویی!

## ئاوەدانت دەکەمەوە وەتەن

سیمین بێهبەهانی

وەتەن دیسان ئاوەدانت دەکەمەوە
بەخشت و قوڕی گیانی خۆم
کۆڵەکە بەر میچ و بانت دەدەمەوە
بەکوت کوتی یەسقانی خۆم
هەمیسان بۆن بەگوڵەکانتەوە دەکەم
بەتاسەی لاوەکانتەوە
هەمیسان خوێن لە ڕوخسارت دەشۆمەوە

**به فرمێسکی ڕەوانی خۆم**
**هەمیسان ڕۆژێکی ڕووناک دەردەکەوێ**
**تاریکی لەماڵ وەدەرنێ**
**بەژنی بەرزی شیعرەکانم دەخەملێنم**
**بەشینای ئاسمانی خۆم**
**گەرچی سەدان ساڵە مردوو هەڵدەستمە پێ**
**لەناخی گۆڕیچەکەمدا**
**دەتۆقێنم دڵی نەیاری داگیرکەر**
**بەناڵەی بێ ئەمانی خۆم**
**گەرچی پیرم، بەڵام هێشتا توانام هەیە**
**– ئەگەر هەلی فێربوون هەبێ–**
**ئەشقی لاوی لەدڵما دەبووژێنمەوە**
**هەروەکو منداڵانی خۆم**
**حەدیسی «حب الوطن» بەتامەزرۆیی**
**بەشێوەیەک دەردەبڕم**
**گیان بێتە بەر ئەو وشانەی لەدڵمدان**
**کە ببزێوم زمانی خۆم**
***　　*　　***
**هێشتا هەر لەسینگمدایە تین و تاوێک**
**کڵپە و بڵێسە دەستێنێ**
**بڕوا ناکەم تازە دابمرکێتەوە**
**وا بۆتە پۆلوو گیانی خۆم**
**دیسان هێز و توانات پێ دەبەخشینەوە**
**(گەرچی شیعرم خوێناوییە)**
**دیسان بەگیان ئاوەدانت دەکەمەوە**
**گەلێ زیاتر لەتوانی خۆم**

سەرچاوە:
صدای شیعر امروز ایران، گزینش، بهمن مه آبادی و احد منطقی تبریزی، چاپ دوم، انتشارات تلاش، تبریز.

* بلّــقــەتاڤ: شـــەوی زۆر تاریک، شـــەوەزەنگ، ئەنگوستەچاو.